## لەمیسری ئوم دونیا، ئەحمەد مەنسووری کەناڵی جەزیرە بلا حدود! تێی هەڵدەدەن .. ئەردەڵان عەبدوڵڵا

Ardellen1@web. de



دوێنێ لەقاهیرەی پێتەختی میسرو عروبەدا، ئەحمەد مەنسوور پێشکەش کەری بەرنامەی (بلا حدود، بێ سنوور) لەکەناڵی جەزیرە، لەلایەن کۆمەڵێک کەسەوەبەبێ سنوور لێیان دابوو. هەرزوو جەزیرەئەم هەواڵەی بڵاوکردەوە و ئیستینکاری! ئەم کارچەپەڵەیان کرد و حکومەتی میسریان بەو کارەتاونبار کرد. ئەمەدووەم جارە کە رۆژنامەوانانی جەزیرەلەمیسر پەلاماربدرێن. پێشتر نوێنەری کەناڵی جەزیرەلەمیسر خەڵکی پەلاماری داوخەریک بوو گیانیشی لەدەست بدات. ئەحمەد مەنسوور کەخۆی خەڵکی میسرەو ئەندامی ئیخوان موسلیمانیش بووە. لەساڵانی هەشتا دێت بۆ ئیمارات و لەیەکێک لەمزگەوتەکانی شاری دوبەی بانگدەر (مۆژن) بووە1. پاشان لەکەناڵی جەزیرەبۆ یەکەم جار لەگەڵ شێخەجادووگەرەکە(قەرزاوی) بەرنامەی الشریعەوالحیاەپێشکەش دەکات. لێ دوای ماوەیەک دەبێتەپێشکەشکەری بەرنامەی (بلاحدود) . ئەحمەد مەنسوور ناسراوەبەوەی کە(بڕۆی) زۆرهەڵدەتەکێنێت و زۆر ڕەق قسەلەگەڵ بینەرو میوانانی بەرنامەکەی دەکات. لای بینەران ڕەزاگرانترین کارمەندی جەزیرەیە. ئەمیش وەکوو هەموو هاوەڵەکانی تری بیرێکی (ئیسلامی و عروبی) زاڵەبەمێشکیدا و هەر لەو ئاوەدا مەلەدەکات. لێ ئەوەی جێگای سەرنجەکەزۆربەی کارمەندەکانی کەناڵی جەزیرەزۆر جار تووشی کێشەلەگەڵ خەڵکی و حکومەتەکان دەبن. بۆ نموونە(تەیسیر علونی) لەئیسپانیا گیراوە، یەکێکی تریان لەسجنی (گوانتەنامو) گیراوە. لەعێراق و کوێت و ئوردن ماقی کارکردنیان نییە. ئەمڕۆ کەناڵی جەزیرەوای لێهاتووەکێشەی زۆری بۆ دەوڵەتی قەتەر دروست بکات. قەتەر کەخۆی ووڵاتێکی نادیمۆکراتی و خێڵەکی یە، کەچی شەو ڕۆژ جەزیرەقسەبەووڵاتانی تری

عەرەبی دەڵێت و دەیەوێت فێرەدیمۆکراتیان بکات. ئەمەیەدەڵێن (قەل بەقەلی ووت رووت ڕەش بێت) . هەر چەندەکەناڵی جەزیرەناتوانێت بەم شێوەیەبمێنێتەوەو ئەمڕۆ کەناڵی تر کێبرکێی لەگەڵ دەکەن بەتایبەت کەناڵی عەرەبیە، کەخاوەنەکەی ملیاردلێرێکی سعودیەو لەدوبەی بەرنامەکانی پەخش دەکات.

هیوادارم ئەم جارەیان و ئەحمەد مەنسوور بەرنامەکەی تایبەت بێت بەکێشەی خۆی و باسی ئەو لێدانەبلا حدودەمان بۆ بکات!.

1. www. arebtimes. com المؤذن المخمور احمد منصور یاکل علقة ساخنة